## تیپە سەرکەوتووەکانی تۆپی باسکەی کوردستان خەڵات دەکرێن



دوای ئەوەی خولی پلە نایابەکانی کوردستان بۆ تۆپی باسکە تەواوبوو و یانەی دهۆك توانی نازناوی ئەم خولە بە دەستبهێنێت بۆ جاری سێیەم، یەکێتی تۆپی باسکەی کوردستان بڕیاری داوە لە داهاتوویەکی نزیکدا مەراسیمی خەڵاتکردنی تیپە سەرکەوتووەکانی ئەم خولە ئەنجام بدرێت لە پلەی یەکەم تا پلەی سێیەم، کە تیایدا یانەی دهۆك توانی پلەی یەکەم بۆ جاری سێیەم بە دەستهبێنێت و یانەی زاخۆ پلەی دووەمی بە دەستهێنا و یانەی ئاسۆ پلەی سێیەمی بە دەستهێنا، هەروەها هەردوو یانەی ئەکاد و سیروانی نوێ ماڵئاواییان لە خولی نایابی کوردستان کرد و دابەزینە خولی پلە یەکەکانی کوردستان، ریزبەندی یانەکان بەمشێوەیە.

١- دهۆك ٢٧ خاڵ، ٢- زاخۆ ٢٦ خاڵ، ٣- ئاسۆ ٢٤ خاڵ، ٤- پێشمەرگەی سلێمانی ٢٠ خاڵ، ٥- دوبس ١٩ خاڵ، ٦- سۆلاڤی نوێ ١٩ خاڵ، ٧- سیروانی نوێ ١٧ خاڵ، ٨- ئەکاد ١٥ خاڵ.

جێگەی باسە خولی نایابی کوردستان بە سەرپەرشتی یەکێتی تۆپی باسکەی کوردستان ساڵانە ئەنجام دەدرێت، تا ئێستا چوار جار ئەنجام دراوە، کاتێك لە ساڵی (٢٠٠٧-٢٠٠٨) یەکەم خول ئەنجام درا و یانەی دهۆك نازناوەکی بەدەستهێنا دواتر لە وەرزی (٢٠٠٨-٢٠٠٩) دووەم خول ئەنجام درا و یانەی سەنحاریب بووە پاڵەوان و لە وەرزی (٢٠٠٩-٢٠١٠) سێیەم خول ئەنجام درا و یانەی دهۆك بووە پاڵەوان و لە وەرزی (٢٠١٠-٢٠١١) چوارەم خول ئەنجامدرا و یانەی دهۆك پارێزگاری لە نازناوەکەی کرد.



## یانەکانی هەڵۆ و شێروانە سەرکەوتن بۆ خولی نایابی کوردستان و شەقڵاوە و خەبات ماڵئاواییان لە خولی پلە یەک کرد

هەفتەی رابردوو یارییەکانی هەفتەی ١٨یەم کۆتایی خولی پلە یەکەکانی کوردستان بۆ تۆپی پێی ئەنجامدرا، دوای رکابەرییەکی بەهێز لەنێوان هەر سێ یانەی هەڵۆ و شێروانە و خاك، هەردوو یانەی شێروانە و هەڵۆ بە شایستە توانیان پلەکانی یەکەم و دووەم بە دەستبهێنن و سەرکەون بۆ خولی پلە نایابەکانی کوردستان لە وەرزی داهاتوو، لەلایەکی ترەوە هەردوو یانەی شەقڵاوە و خەبات ماڵئاواییان لە خولی پلە یەکەکانی کوردستان کرد و دابەزینە خولی پلە دووەکان لە وەرزی داهاتوو.

ئەنجامی یارییەکانی هەفتەی کۆتایی خولی پلە یەکەکانی کوردستان بەمشێوەیە بوو.

هەڵۆ – سۆلاڤ ٣-١، شێروانە – چەمچەماڵ ٣-١، خاك – ئاشتی ١-٠، خانەقین – سێمێڵ ٠-١، گارە – خەبات ٣-١، برایەتی – شەقڵاوە ٣-١، ئاسۆ – پێشکەوتن ١-٠، ئاڵا – کۆیە ٠-٠، دەربندیخان – سۆران٢-٣.

ریزبەندی یانەکان بەمشێوەیە:

١- شێروانە ٣٦ خاڵ، ٢- هەڵۆ ٣٦ خاڵ، ٣- خاك ٣٥ خاڵ، ٤- سێمێڵ ٢٨ خاڵ، ٥- خانەقین ٢٨، ٦-سۆلاڤ ٢٧ خاڵ،٧- چەمچەماڵ ٢٧ خاڵ، ٨- گارە ٢٤ خاڵ، ٩- برایەتی ٢٤ خاڵ، ١١- ئاسۆ ٢٤ خاڵ، ١٢- ئاشتی ٢٢ خاڵ، ١٣- سۆران ٢٠ خاڵ، ١٤-پێشکەوتن ١٨ خاڵ، ١٥- ئاڵا ١٨ خاڵ، ١٦- کۆیە ١٧ خاڵ، ١٧- دەربەندیخان ١٥ خاڵ، ١٨- خەبات ١٠ خاڵ، ١٩- شەقڵاوە ٧ خاڵ.

## دووکان بووە پاڵەوانی یـ



لە شاری کەرکوك لە رێگەی بەنداوی شێرین لەیلان پاڵەوانێتی یارییە سیانییەکانی کوردستان ئەنجامدرا، ئەم یارییە لە سێ یاری پێکهاتووە، ئەویش یارییەکانی پایسکلسواری و مەلەوانی و راکردن.

لەم پاڵەوانێتیە لەسەر ئاستی کوڕان و کچان ئەنجامدرا لەسەر ئاستی کوڕان ٦ یانە بەشداری کرد، ئەویش هەریەکە لە یانەکانی (دووکان، ئەرمەن، لەیلان، بابەگوڕگوڕ، سۆلاڤ، حەویجە) بوون لەسەر ئاستی کچان تەنیا یەك یانە بەشداری کرد ئەویش یانەی سەورە بوو، لەم پاڵەوانێتیە لەسەر ئاستی کوڕان یانەی دووکان توانی نازناوی پاڵەوانێتیەکە بە دەستبهێنێت، ئەنجامی



# تیپی کچانی ئاڵا بۆ گۆڕەپان و مەیدان خەڵات کران

دوای ئەوەی کچانی یانەی ئاڵا بۆ گۆڕەپان و مەیدان توانیان لە پاڵەوانێتی عێراق لەسەر ئاستی تازەپێگەیشتووان و لاوان پلەی یەکەم بە دەستبهێنن، کە پاڵەوانێتییەکە لە شاری بەغداد بەڕێوەچوو، دوای گەڕانەوەی شاندەکە لە شاری بەغداد پێشوازیان لێکرا، سەرەتا پارێزگاری هەولێر نەوزاد هادی پێشوازی لێکردن و دەستخۆشی لەم دەستکەوتە مێژوویەی لێکردن و هیوای خواست بەردەوام بن لە بەدەستهێنانی ئەنجامی باش لە پاڵەوانێتییەکانی داهاتوو بۆ ئەوەی ببنە نوێنەری راستەقینەی شاری هەولێر لەم یارییە، دواتر وەزیری پەروەردەی هەرێمی کوردستان سەفین دزەیی پێشوازی لەم تیپە کرد، وێڕای دەستخۆشی لە بە دەستهێنانی ئەم ئەنجامە باشە و تەئکیدی لەوە کردەوە بە هەموو شێوەیەك پشتگیری لە تیپەکە دەکات. دواتر پشتیوان سادق بەرپرسی لقی دووی پارتی دیموکراتی کوردستان پێشوازی لەم تیپە کرد و کچە یاریزانەکان و راهێنەرەکانی یانەی ئاڵای خەڵات کرد و هیوای خواست لە داهاتوو ئەنجامی باشتر بە دەستبهێنن، لە کۆتایی دا ئەحمەد دزەیی سەرۆکی زانکۆی سەلاحەدین و شیلان دۆسکی بەرپرسی مەکتەبی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان لە ئەورووپا پێشوازی لەم تیپە کرد و خۆشحاڵی خۆیان بۆ ئەم ئەنجامە گەورەی کچانی ئاڵا کرد، کە توانیان لەنێو جەرگەی بەغداد پلەی یەکەم بە دەستبهێنن. لە کۆتایی سەردانەکەدا سەرۆکی زانکۆی سەلاحەدین کچە یاریزانەکانی خەڵات کرد بۆ ئەوەی ببێتە هاندەرێك تاکو لە پاڵەوانێتییەکانی تر ئەنجامی باشتر بە دەستبهێنن.

# سبەی هەولێر باوەش بۆپاڵەوانێتی رۆژئاوایی ئاسیا بۆ تۆپی باسکە دەکاتەوە




بریارە سبەی سێشەممە لەشاری هەولێر پاڵەوانێتی باسکەی تازەپێگەیشتوانی هەڵبژاردەکانی وڵاتانی خۆرئاوای ئاسیا دست پێ بکات.
بەسەرپەرشتی یەکێتی ناوەندی تۆپی باسکەی خۆرئاوای ئاسیا و بە هاوکاری یەکێتی ناوەندی تۆپی باسکەی عێراقی لە هۆڵی سەنتەری وەرزشی بلو لە شاری هەولێر پاڵەوانێتییەکە بە بەشداری هەریەك لە هەڵبژاردەکانی (عێراق، لوبنان، ئێران، ئوردەن) لە بارەی ئەم پاڵەوانێتیە سەردار حەیدەر سەرۆکی یەکێتی ناوەندی تۆپی باسکەی کوردستان بە فایلی وەرزشی گوڵانی راگەیاند: بریارە رۆژی سێشەممە ٣-٥ لە پایتەختی کوردستان ئەم پاڵەوانێتیە نێودەوڵەتیە ئەنجام بدرێت، بۆ هەڵبژاردەکانی تازەپێگەیشتوان، کە ماوەی چوار رۆژ دەخایەنێت.
لە بارەی خەرجی ئەو پاڵەوانێتیە حەیدەر وتی: تەواوی بودجەی ئەو پاڵەوانێتیە لەسەر یەکێتی باسکەی عێراقی دەبێت، ئێمە هیچ پارەیەك سەرف ناکەین، ئەمرۆ دووشەممە خولێك بۆ ناوبژیوانانی هەریەك لە وڵاتانی عێراق و ئوردەن و فەڵەستین و سوریا و یەمەن و لوبنان و ئێران ئەنجام دەدرێت و تەواوی ئەم وڵاتانەش دەتوانن بەیەك ناوبژیوان بەشداری ئەو خولە بکەن و عێراقیش بە دوو ناوبژیوان بەشداری دەکات.

# ـاریيه سیانییەکانی کوردستان



یارییەکانی ئەم پاڵەوانێتیە لەسەر ئاستی کوڕان بەمشێوەیە بوو:
ئەنجامی تاکی کوڕان
١- رێبین مەحمود(یانەی دووکان).
٢- جەوهەر مستەفا (یانەی دووکان).
٣- بڕوا سەلام (یانەی دووکان).
ئەنجامی کۆتایی بەمشێوەیە بوو.
١- یانەی دووکان ٣٤ خاڵ.
٢- یانەی سۆلاف ١٦ خاڵ.
٣- یانەی لەیلان، یانەی بابەگوڕگوڕ.
ئەنجامی تاك لەسەر ئاستی کچان.
١- کلپە ئەبو بەکر.
٢- بەنار ئیسماعیل.
٣- کاتی ئیسماعیل.

## زاڤی هێرناندیز نهێنیەکانی ئاشکرا دەکات

لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ گۆڤاری وۆرلد سۆکەری ئینگلیزی تایبەت بە یاری تۆپــی پێ، زاڤی هێرناندیز یاریزانی یانەی بەرشـــلۆنە کە بە پادشـــای هێلی ناوەڕاست ناسراوە چەند نهێنیەکی ژیانی وەرزشی خۆی ئاشـــکرا کرد کە بۆ یەکەمجارە بڵاودەکرێتـــەوە، یەکێك لە نهێنیەکان کە زاڤی ئاشـــکرای کرد بەجێهێشـــتنی یانەی بەرشلۆنە بوو لە تەمەنی ١٧ ســـاڵیدا، لەمبارەیەوە وتی: لە تەمەنی ١٧ ســـاڵیدا یانەی میلان داوای کـــردم، باوکم هانی دام بۆ ئەوەی لە خولی ئیتاڵیا یاری بکەم، زۆر بیرم کـــردەوە و خەریك بوو رازی بم، بەڵام لە دوا ســـات بڕیاری مانەوەم دا، هەســـتم کرد کە داهاتووم لەگەڵ یانەی بەرشـــلۆنەیە ئەو تیپەی کە من زۆر خۆشم دەوێت.

دەربارەی نهێنی پاســـەکانی کە بەدەگمەن هەڵەیـــە، زاڤی وتی: هەوڵ دەدەم بە هێمنی پاس بە ســـەرجەم هاوڕێکانم بدەم، کارێکی راســـت نییە لە ســـێ هێرشدا پاسێك نەدەمە دانیال ئەلڤێس کە ماوەیەکی زۆر دەبڕێت بۆ دروستکردنی هێرشێك، بە هەمان شێوە لەگەڵ ئینێیســـتا و دیڤید ڤیا و پیدرۆ و لیۆ میسی مامەڵە دەکەم.

سەبارەت بەو یانەیەی کە خۆشی دەوێت لە دوای یانەی بەرشـــلۆنە زاڤی وتی: من لە هەوادارانـــی خولی ئینگلیزیم و یانـــەی مـــان یونایتدم خۆش دەوێت، ئەگەر بـــۆ تیپێکی دیکـــە یاری بکـــەم ئـــەوە بێگومان یانەی مـــان یونایتـــدە، ســـەبارەت بـــە خولی ئیتاڵیـــا راســـتگۆیانە خولێکی ســـەرنج راکێش نییە و بێزارت دەکات لەگەڵ ئەوەشـــدا سەیری هەندێك لە یارییەکان دەکەم لە رێگەی تیڤیەوە.



## بە ژمارە بنزیمە لە ڤیا باشترە

رۆژنامەکانی شـــاری مەدرید دوپاتیان کردەوە بەپێی ئامارەکانی هێرشـــبەران لە خولی ئیسپانیا یاریزانی یانەی ریال مەدرید کەریم بنزیمـــە کە بە بڕی ٣٦ ملیۆن یـــۆرۆ بۆندی لەگەڵ مۆر کراوە باشـــترە لە یاریزانی یانەی بەرشـــلۆنە دێڤید ڤیا کە بە بڕی ٤٥ ملیۆن یۆرۆ بۆندی لەگەڵ مۆر کراوە.

بەپێـــی راپۆرتی رۆژنامەکان بنزیمە لـــەم وەرزەدا ٢٢ گۆڵی بۆ یانەی ریال تۆمار کردووە لە ســـەرجەم خولـــەکان ئەوەش هەمان ژمـــارەی گۆڵەکانی دێڤید ڤیایە، بەڵام جیاوازییەکە لەوە دایە کە ڤیا ٣٦٧٠ خولەك یاری کردووە لەگەڵ یانەی هەرێمی کەتالۆنیا لەو کاتەی کە بنزیمە تەنیا ٢٤٦٠ خولەك لەگەڵ یانەی شـــاهانە یاری کردووە، ئەوەش مانای ئەوەیە کە ڤیا ١٣ یاری زیاتر بەشدار بووە، بەمەش وا دەردەکەوێت کە بنزیمە کاریگەرترە بۆ تیپەکەی بە بەراورد کردن لەگەڵ دێڤید ڤیا.

شایانی باسە یاریزان ڤیا بۆ ماوەی دوو مانگ لە گۆڵ تۆمارکردن دوور کەوتـــەوە تا یاری یانەکەی بەرامبەر ئۆساســـۆنا کە گۆڵی یەکەمی تۆمارکرد، لەو کاتەی ئاســـتێکی باشی پێشکەش نەکرد لە یاری کۆتایی جامی شای ئیسپانیا بەرامبەر ریال مەدرید کە تیایدا یانەی بەرشلۆنە بە گۆڵێك دۆڕا.



## لە شتوتگارت: ڤۆزنیاکی دۆڕا



لە ئەنجامێکی چاوەڕوان نەکراودا کچە یاریزانی تێنسی سەر زەوی ئەڵمانی نەناسراو جۆلیا جۆرجیۆز نازناوی پاڵەوانیەتی شـــتوتگارتی کراوەی ئافرەتانی بەدەست هێنا کە کۆی خەڵاتەکانی ٧٢١ هەزار یـــۆرۆ بوو دوای ئەوەی لە یاری کۆتایی لـــە پۆلینکاری یەکەمی جیهان کچە یاریزانی دانیمارکی کارۆلین ڤۆزنیاکی بـــردەوە بە دوو کۆمەڵەی بێ بەرامبەر، ئەنجامی کۆمەڵەکان (٧-٦، ٦-٣) بوو، یاریەکەش یەك سەعات و ٣٩ خولەکی خایاند.

جۆلیا تەمەن ٢٢ ساڵ بووە یەکەم کچە یاریزانی ئەڵمانی کە ئەم نازناوە بەدەست دەهێنێت لە دوای ساڵی ١٩٩٤ کـــە ئەو کات کچە یاریزان ئەنکە هوپەر نازناوەکەی بەدەســـت هێنابوو، ئەم نازناوەش دووەمین نازناوی جۆلیایە لە ژیانی وەرزشیدا لە دوای نازناوی پاڵەوانیەتی بادگایشتاین لە وڵاتی نەمسا لە رۆژی ١٩-٧-٢٠١٠، بەم سەرکەوتنە جۆلیا هاتە پلەی ٢٧ی ریزبەندی یاریزانە پیشەگەرەکان.

لـــە بەرامبەردا بە دۆڕاندنی لەم یارییە ڤۆزنیاکی دووەم یاری کۆتایی لە ســـاڵی ٢٠١١ لەدەســـتدا دوای دۆڕاندنی لە یاری کۆتایی پاڵەوانیەتی دەوحەی کراوە لە بەرامبەر کچە یاریزانی روسی ڤێرا زڤۆناریڤا، بەڵام ڤۆزنیاکی پارێزگاری لە پلەی یەکەمی ریزبەندی یاریزانە پیشەگەرەکان کرد.

## پرۆژەی بۆندیک.. تیڤێز بەرامبەر شنایدەر

راپۆرتە رۆژنامەوانییەکانی وڵاتی ئیتاڵیا دووپاتیان کردەوە ئەگەری هاتنی یاریزانی هەڵبژاردەی ئەرژەنتین و یانەی مانچستەر سیتی کارلۆس تیڤێز بۆ یانەی ئینتەر میلان لە ئارادایە لە هاوینی داهاتوودا، رۆژنامەکان ئەوەشیان دووپاتکردەوە کە ئەم پرۆژەیە لەئارادایە لەو کاتەی یانەی مانچستەر سیتی مەرجێکی داناوە، ئەویش هاتنی یاریزانی هۆڵەندی ویسلی شنایدەر ئەستێرەی هێلی ناوەڕاستی یانەی ئینتەر بۆ یانەکەیان بەرامبەر رۆیشتنی تیڤێز بۆ یانەی ئینتەر.



داواکردنی یاریزان شنایدەر لەلایەن مان سیتییەوە دەبێتە خاڵێکی دیکەی ناکۆکی لەگەڵ هاوسێکەی یانەی مانچستەر یونایتد کە ئەویش بایەخ بە هێنانی شنایدەر دەدات، لەو کاتەی یاریزان شنایدەر پێشتر رایگەیاندبوو کە ئارەزووی ئەوەی هەیە بەردەوام بێت لە یاریکردن لەگەڵ یانەی ئینتەر میلان.

ئەگەر هاتوو یانەی مان سیتی سەرکەوتوو بوو لە هێنانی شنایدەر بۆ ریزەکانی، ئەوا و شێوازی یاریکردنی دەگۆڕێت بۆ پلانی (٤-٢-٣-١) بە هۆی بوونی ژمارەیەکی زۆر لە یاریزانانی لێهاتووی هێلی ناوەڕاست، ئەو پلانەش ئێستا یانەی ریال مەدرید یاری پێدەکات و لە مۆندیالی ٢٠١٠ هەڵبژاردەی ئەڵمانیا بە باشترین شێوە جێبەجێیکرد و پلەی سێیەمی بەدەست هێنا.

## راوول گۆنزالیس لە خەونێکی تازەیە

یاریزانی بەناوبانگی ئیسپانی راوول گۆنزالیس یاریزانی یانەی شالکەی ئەڵمانی بە خەونێکی تازە تێدەپەڕێت لە خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپا بەگەیشتنی یانەکەی بۆ قۆناغی پێش کۆتایی و یاریکردن لەگەڵ یانەی مانچستەر یونایتدی ئینگلیزی، راوول خەون بەوە دەبینێت بگاتە یاری کۆتایی، بەڵام لەوانەیە لەگەڵ یانە پێشووەکەی خۆی ریال مەدرید یاری بکات، لە لێدوانێکدا بۆ رۆژنامەی گاردیانی بەریتانی راوول وتی: هیوای ئەوەم دەخواست یانەی ریال مەدرید ببێتە پاڵەوانی ئەوروپا، لە راستیدا ئێستا نازانم چۆن بیر دەکەمەوە، کاتێکی تایبەت و نامۆ دەبێت بۆ من، ئەگەر دڵنیا بم لە یاری کۆتایی دەبینەوە حەز دەکەم بەرامبەر بەرشلۆنە بێت، بەڵام ئەگەر ریال بگاتە یاری کۆتایی ئەوە دەبێ قەدەر چی بۆ هەڵگرتبین.

راوول باش دەزانێت یاری کۆتایی بەرامبەر ریال مەدرید یارییەکی تایبەت دەبێت، بەڵام پێویستە پێشتر یانەی مانچستەر دوور بخەنەوە کە پاڵێوراوە بگاتە یاری کۆتایی لە یاریگای ویمبلی، راوول ستایشی ئاستی یاریزانانی یانەی شالکەی کرد و دووپاتی کردەوە کە شێوازی یاری کردنیان نزیکە لە شێوازی یاریکردنی یانەی ریال مەدرید.

سەبارەت بە داهاتووی خۆی راوول رایگەیاند دڵنیا نییە کە دوای وازهێنانی بەرەو جیهانی راهێنەرایەتی برواتە، چونکە ماوەی ١٧ ساڵە تەنیا یاری تۆپی پێی کردووە، لەمبارەیەوە وتی: راستە ١٧ ساڵە یاری دەکەم بێگومان زۆر تێبینیم کردووە و زۆر بیرۆکەم وەرگرتووە، بەڵام جیاوازییەکی زۆر هەیە لەنێوان یاریکردن وەک یاریزان و وەرگرتنی بڕیار وەک راهێنەر.



## گالیانی: بۆندەکانی زستانە پێشەنگی بۆ مسۆگەر کردین



ئەدریانۆ گالیانی جێگری سەرۆکی یانەی ئەی سی میلانی ئیتاڵی ستایشی ئاستی تیپەکەی کرد لە دوایین یارییەکانی لە خولی ئیتاڵیا و نزیکبوونەوە لە نازناوەکە، گالیانی لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانییدا رایگەیاند کە یانەی میلان ژمارەی یاریزانەکانی کەم بۆتەوە بە هۆی پێکان یان سزادان وەک یاریزانان گاتۆزۆ و ڤان بۆمیل و زلاتان و پاتۆ و ئینزاگی، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا یاریزانەکانی تر ئاستێکی بەرزییان نواندووە و بە رێژەیەکی زۆر بۆ جاری ١٨ مین دەبنە پاڵەوان.

گالیانی باس لە بۆندەکانی زستانەی یانەی میلان دەکات و دەڵێت: ئەگەر لە مانگی کانوونی دووەمی رابردوو بۆندی بەهێزمان لەگەڵ یاریزانی بەتوانا مۆر نەکردبایە ئێستا لە لوتکەی خولی ئیتاڵیا نەدەبووین، میلان لە لوتکەیە بەهۆی یاریزانەکانی و هێنانی یاریزانان لە وەرزی زستانە کە بە پلانێکی تۆکمە بووە، پێکهاتەکەمان لە ٣١ یاریزان پێکهاتووە و بە هاتنی یاریزانە تازەکان توانیمان لە لوتکە بمێنینەوە و لە نازناوەکە نزیک بینەوە.

شایانی باسە یانەی میلان لە گواستنەوەی یاریزانان لە وەرزی زستاندا بۆندی لەگەڵ یاریزانان ئەنتۆنیۆ کاسانۆ لە یانەی سامبدۆریای ئیتاڵی و مارک ڤان بۆمیل لە یانەی بایرن میونیخی ئەڵمانی و ئیمانویلسۆن لە یانەی ئەیاکس ئەمستردامی هۆڵەندی مۆر کردبوو.

ئامادەکردنی ئەم دوو لاپەڕەیە: سالار جەلال

# خولێکی نێودەوڵەتی بۆ ناوبژیوانانی عێراق لە هەولێر دەستی پێکرد



ڕۆژی شـــەممە لـــە هۆڵی کتێبخانەی گشـــتی زەیتـــون هەولێر خولێکی نێودەوڵەتی بۆ ناوبژیوانان و سەرپەرشتیار و وانەبێژان و لێهاتووی جەستەیی کرایەوە.

خولی فۆتۆرۆ نێودەوڵەتی بۆ ناوبژیوانان لە لایەن وانەبێژی نێودەوڵەتی سعودی عەلی تریفی وانەکان دەڵێتەوە و هەروەهـــا وانەبێژی قەتەری تایبەتمەند لە بواری لێهاتووی جەستەیی سەلمان ئەلحازمی و بەرپرســـی نووســـینگەی خولەکانـــی فیفا لە ناوچەکە بۆ پێشخستنی ئاستی ناوبژیوانان ئوردنی ئیسماعیل ئەلحافی.

ئـــەم خولـــە مـــاوەی ٧ ڕۆژ دەخایەنێـــت دوای تەواوبوونی بەشداربووان بڕوانامەی تایبەتمەند بەم خولە وەردەگرن، بۆ ئەم مەبەســـتە یەکێتی تۆپی پێی عێراق و لیژنەی ناوبژیوانانی عێراق ناوبژیوانە بەشداربووەکانی هەڵبژارد بەمشێوەیە:

وانەبێژەکان: ١- ڕەعد ســـەلیم، عادل قەساب، ٣- سەمیر مهنا، ٤- حازم حوسێن، ٥- عادل قەساب، ٦- محەمەد عەرەب.

لێهاتووی جەستەیی: ١- نەجم عەبود، ٢- ئەحمەد خزەیەر.

سەرپەرشـــتیاری یارییەکان: ١- سەڵاح محەمەد کەریم، ٢- عەلا عەبدولقادر، ٣- خەلیل ئیبراهیم، ٤- سیروان سەلمان، ٥- مەحمود نورەدین، ٦- تاریق عەبدولحافز، ٧- شاکر مەحمود، ٨- ئەحمەد عەلی، ٩- مەهدی فلەیح، ١٠- عەباس عەبدولحوســـێن، ١١- محەمەد ســـەلیم، ١٢- فالح حەســـەن، ١٣- عەزیز کەریم، ١٤- غالب عەبدولکازم، ١٥- ئەرسلان قادر، ١٦-سوبحی ڕەحیم، ١٧- کەریم سعدی، ١٨- زاری هانی، ١٩- عەباس عەبدولڕەحمان.

**ناوبژیوانەکان:**

١- عەلی ســـەباح، ٢- موهەند قاسم، ٣- سیبهان ئەحمەد، ٤- ئەحمەد عەبدولحەسەن، ٥- محەمەد غنی، ٦- زیا عەبدولحوســـێن، ٧- فارس سامی، ٨- حوسێن ســـاڵح، ٩- رعد موسی، ١٠- عیماد عەبدولـــڕەزاق، ١١- نەجاح ڕەحیـــم، ١٢- موئەید محەمـــەد عەلی، ١٣- شـــاکر ســـوبحی، ١٤- واســـق مدلل، ١٥- جیهاد عەتیـــە، ١٦- حەیدەر عەبدولئەمیـــر، ١٧- ئەیاد نەســـر، ١٨- ئەحمەد خربات، ١٩- واســـق محەمـــەد، ٢٠- زیا ڕەحمان، ٢١- ئەمجەد سوبحی، ٢٢- مستەفا عەبدولڕەحیم، ٢٣- عەبدولئەمیر عەلـــی، ٢٤- ئارام کرم، ٢٥- کاروان ســـەباح، ٢٦- وەلید ئەحمەد، ٢٧- جۆمان هیلال، ٢٨- نەوزاد ســـاڵح، ٢٩- ئەمیر داود، ٣٠- ئازاد حاتم.

ناوبژیوانە گوێگـــرەکان: ١- ڕائیـــد حەبیب، ٢- مستەفا عەباس، ٣- ئەحمەد عەبدوڵڵا، ٤- حەسەن عەدنان، ٥- ڕزگار محەمەد، ٦- ویسام محەمەد، ٧- ســـەلام جومعە، ٨- سەلام عەواد، ٩- عودی جلوب، ١٠- چیا ســـەڵاح، ١١- سەربەست خالید، ١٢- عەلی منشـــد، ١٣- حەمیـــد لفتە حەمید، ١٤- ڕەعد ئیبراهیم، ١٥- خەلیل عەبدلســـەرەحان، ١٦- عومەر خەلەف حەمەد، ١٧- ســـامی عەلی عومەر، ١٨- ئەحمەد یوسف، ١٩- فوئاد مخیف.

## قـــ

لە شاری هەولێر بۆ ماوەی سێ ڕۆژ پاڵەوانێتی تێنســـی سەرمێزی یانەکانی عێراق بۆ یانەکانی ناوچەی باکوور بەڕێوەچوو.

لە شاری هەولێر لە هۆڵی داخراوی یانەی ئەکاد لە شارۆچکەی عەنکاوە بەسەرپەرشتی یەکێتی تێنسی سەرمێزی عێراق و بە بەشداری هەریەك لە یانەکانی (ئەکاد، سلێمانی، دهۆك، سیروانی نوێ، هەڵەبجە، پێشمەرگەی سلێمانی، سۆلاف، برایەتی) یارییەکانـــی قۆناغی یەکەمی خولی تۆپی ســـەرمێزی یانەکانی عێـــراق بۆ گروپی یانەکانی ناوچەی باکوور بۆ ماوەی ســـێ ڕۆژ بەڕێوەچوو، یانەکانی بەشـــداربووی خولەکە بە شـــێوەی خول یارییەکانی خۆیـــان ئەنجامدا و یانەی ســـلێمانی توانی ئاســـت و ئەنجامی لە

## سیـــ

ڕاهێنەری ئەڵمانی سیدکا دوای ئەوەی یەکێتی تۆپی پێـــی عێـــراق متمانەی بـــەم ڕاهێنەرە بەخشـــیەوە هەوڵ دەدات هەڵبژاردەیەکی بەهێز دروســـت بکات، بۆ ئەو مەبەســـتە ســـەردانی وڵاتەکانی ئەڵمانیا و هۆڵەندە و سوید و نەرویج و چەندین وڵاتی تری ئەوروپا دەکات بۆ ئەوەی لە نزیکەوە سەیری یارییەکانی یاریزانە عێراقیەکان بـــکات، کە لەم خولانە یـــاری دەکەن بۆ ئەوەی بانگهێشـــتی هەڵبژاردەی عێراق-یان بکات، بۆ ئەم مەبەســـتە سیدکا لیســـتی ئەم یاریزانانەی ئاشـــکرا کرد، کە ئامادەی یارییەکانیان دەبێت بەمشێوەیە خوارەوە.

١- شـــەپۆل عەلـــی (یانەی ئین ئەی ســـی هۆڵەندە)، ٢- ئوسامە ڕەشـــید(یانەی فاینۆرد هۆڵەندە)، ٣- ئەنمار مبارکی (یانەی هیراکلیس هۆڵەندە)، ٤-عەلی مارد (یانەی مالمۆ سیتی

## ســ

بڕیارە ڕۆژی سێشـــەممە لە پایتەختی کوردستان یاری کۆتایی جامی کوردســـتان لەنێوان هەردوو یانەی پێشـــمەرگەی ســـلێمانی و زاخۆ بەڕێوە بچێت.

دوای ئـــەوەی ٣٢تیپی یانە پلـــە یەکەکان و پلە نایابەکانی کوردســـتان بە شـــێوەی خولی یەك دۆڕاندن دەرچوون لە خولەکە بەشـــداریان کردبوو، دوای ئەنجامدانـــی چەندیـــن یـــاری لەنێوان تیپـــە بەشـــداربووەکان هەردوو یانـــەی زاخۆ و پێشمەرگەی ســـلێمانی گەیشتنە یاری کۆتایی جامی کوردستان، لە کۆبوونەوەی یەکێتی تۆپی

## ـــۆناغی یەکەمی تێنسی سەرمێزی عێراقی کۆتایی هات




گشت یانەکان باشتر بێت و بووە پاڵەوانی خولەکە، ئەمـــەش ئەنجامی جەولەکانـــی کۆتایی و پێش کۆتاییە:

سلێمانی –ئەکاد (٣-٠) گێم، برایەتی-پێشمەرگەی سـلێمانی (٣-٢) گێم، ســۆلاڤ-هەڵەبجە (٣-٠) گێم، دهۆك-ســیروانی نویٚ (٣-٠) گێم، سلێمانی –پێشـمەرگەی سـلێمانی (٣-١) گێـم، ئەکاد-دهۆك (٣-٠) گێم، برایەتی-هەڵەبجە (٣-١) گێم سۆلاڤ-سیروانی نویٚ (٣-٠) گێم

ریزبەندی یانەکانیش بەمشێوەیە بوو:

١-یانـــەی ســـلێمانی، ٢-یانەی برایەتی، ٣-یانەی پێشمەرگەی ســـلێمانی، ٤-یانەی ئەکاد، ٥-یانەی ســـۆلاڤ، ٦-یانەی هەڵەبجە، ٧-یانەی دهۆك، ٨-یانەی سیروانی نویٚ.

## ـــدکا چاوی بریوەتە یاریزانە پیشەگەرەکانی عێراق لە هاندەران




سوید)، ٥- ســیف کازم(یانەی ئۆرگێتی ئیس)، ٦- عەلی یاســین (یانەی ئۆربێرۆ ســوید)، ٧- زین عابدین موخلص(یانەی سیریانســکا سوید)، ٨- جووتیار مولود (یانەی نۆرنبێرگ ئەڵمانیا)، ٩- داود حەیدەر (یانەی هاڵشــێر ئەڵمانیا)، ١٠- حوســێن عوســمان(یانەی ئینتراخت فرانکفۆرت ئەڵمانیــا)، ١١- راوێز لاوان (یانەی نۆرســلاند دانیمــارك)، ١٢- شــوان جەلال(یانەی بۆرنموس ئینگلتەرە (گۆڵچی))، ١٣- یاســر قاسم(یانەی برایتۆن ئینگلتەرە).

جێگەی باســە هەفتەی رابردوو سیدکا ئامادەی یاری چەند یاریزانێك بوو و سەرسام بوو بە ئاستی ئەم یاریزانانە و هیوای خواســت کۆمەڵێکی باش بۆ هەڵبژاردەی عێراق بانگهێشت بکات بۆ ئەوەی بتوانێت هەڵبژاردەیەکی باش بۆ یارییەکانی پالاوتن بۆ جامی جیهانی ٢٠١٤ ئامادە بکات.

## ـــێشمەمە یاری کۆتایی جامی کوردستان بەڕێوە دەچێت



پێی کوردستانیش بە ئامادەبوونی نوێنەرانی هەردوو یانە پلێتی کۆتایی بڕیاردرا بە دەست نیشانکردنی شــاری هەولێر بۆ بەڕێوەچوونی یــاری کۆتایی خولەکەو هەردوو نوێنەرانی یانەکانیش رەزامەندیان لەســەر شاری هەولێر دەربڕیوە، بە بڕیاری یەکێتی تۆپی پیٚ کوردســـتانیش بڕیاردرا کە سبەی سیٚ شەمە یاری کۆتایی لەسەر یاریگای شەهید فرەنسۆ هەریــری لە نێوان هەردوو تیــپ ئەنجامبدرێت و پاڵەوانی خولەکە دەستنیشان بکرێت. شایەنی باسە یەکێتی تۆپی پێی کوردســتان سەرپەرشــتی ئەو خولەی دەکرد.